گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 1, pp. 63–73, January-March.-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر ستراتیژیی سەربازیی ڕۆمانی (٢٦٤-٢٧ پ.ز)

فرصه احمد حسين [1] * و كامران محمد جلال [2]
[1] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان-عیراق.
[2] بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان-عیراق.

تاريخ الاستلام: 06/ 2025 تاريخ القبول: 2025/09 تاريخ النشر: 2026/03 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.1.1684*

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندی نێوان جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ستراتیژیی سەربازیی ڕۆمانی لە ماوەی نێوان (٢٦٤ -٢٧ پ.ز) دەکۆڵێتەوە، کە قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی فراوانبوونی ڕۆما لە هێزێکی نێوخۆیی نیمچە دوورگەی ئیتاڵیاوە بۆ هێزێکی باڵادەستی دەریای ناوەڕاست. توێژینەوەکە باس لە تایبەتمەندییە جوگرافی و جیۆسیاسییەکانی دەریای ناوەڕاست دەکات، و ڕۆڵی لە کاریگەری لەسەر ستراتیژ و هزری سەربازیانەی ڕۆمانی بەو پێیەی پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی گرنگی بە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریاکە داوە دەکات. هەروەها توێژینەوەکە باس لە ڕۆڵی ململانێکان لەگەڵ قرتاج ومەکدۆنیا و شانشینیە هێلینیستیەکان لە داڕشتنی ئاراستە ستراتیژییەکانی ڕۆمانی دەکات. گرنگی بابەتەکە بریتییە لە تیشک خستنە سەر ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر هزر و پەرەسەندنی هێزی دەریایی ڕۆمانی، بە پشت بەستن بە ڕێبازی مێژوویی-شیکاری کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ڕووداوە مێژووییەکان هەوڵدراوە وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە دەستکەوێت، ئایا ژینگە و جیۆپۆلۆتیکی دەریای ناوەڕاست چۆن کاریگەریی لەسەر داڕشتن و پەرەپێدانی ستراتیژی سەربازیی ڕۆمانی هەبووە؟ توێژینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات کە باڵادەستی ڕۆمانی لە دەریای ناوەڕاست و گۆڕانکاری ستراتیژی سەربازی پێویستییەک بووە کە جیۆپۆلەتیک سەپاندویەتی، و بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە لە سەرکەوتنی پرۆژەی بە ئیمپراتۆرییەت بوون، بەو پێیەی باڵادەستی لە دەریای ناوەڕاست نەک تەنها لە ڕووی سەربازی گرنگ بوو، بەڵکو بایەخی زیاتری هەبوو، کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ڕۆمانی لە دواتردا پێکهێنا.

**وشە کلیلەکان:** جیۆپۆلەتیک، دەریای ناوەڕاست، ڕۆمانی، ستراتیژی دەریایی، هزری سەربازی.

## پێشەکی

به درێژایی سەردەمە مێژووییەکان، حەوزی دەریای ناوەڕاست پێگە و گرنگییەکی ستراتیژی هەبووە، هەر لە کۆنەوە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافییەکەیەوە چەندین شارستانییەت لە دەوروبەرییەوە سەریانهەڵداوە، بەو پێیەی هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەک ڕێڕەوێک بۆ پەیوەندیی سیاسی و کارلێکی شارستانی گەلانی ناوچەکە دادەنرێت.

ئەم لێکۆڵینەیەوەیە بە ناونیشانی (جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر ستراتیژی سەربازی ڕۆمانی ٢٦٤-٢٧ پ.ز) توێژینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە، تیشک دەخاتە سەر گرنگی مێژوویی و ستراتیژی دەریای ناوەڕاست لە ماوەی دیاریکراودا، چۆن ئەم ناوچەیە لە کۆنەوە گۆڕەپانێک بووە بۆ کێبڕکێ و ململانێیی، چونکە هەر هێزێک کۆنترۆڵی بکات، ئەوا لە ڕووی سیاسیی و ئابووری هەژموونی بەسەر تەواوی ناوچەکە دەسەپێنێت. لەم جوگرافیایەدا ڕۆما وەک هێزێکی تازە لە ماوەی (٢٦٤-٢٧ پ.ز) سەریهەڵدا، ئەو قۆناغەی کە چەند گەڕێکی شەڕی خوێناوی لە نێوان ڕۆما و قرتاجە هەڵگیرسا، کە بە جەنگەکانی پونی ناسراوە، هەروەها هەڵمەتەکانی ڕۆمانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و گەشەسەندنی هزری سەربازی ڕۆمانی بەخۆیەوە بینی.

ئامانج لەم توێژینەوەیە نیشاندانی ڕەوشی سیاسی حەوزی دەریای ناوەڕاست لەو ماوەیە و هاوکات ڕۆشنایی دەخاتە سەر زانینی ئەو گۆڕانکارییە سەربازی و سیاسییانەی کە کاریگەرییان لەسەر هزر و ستراتیژی سەربازیی ڕۆمانی هەبووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕۆمانەکان لەسەریان بوو لەگەڵ هەلومەرجی نوێی فراوانبووندا خۆیان بگونجێنن، کە لە ئەنجامی کێبڕکێی هێزەکان هاتبووە ئاراوە، بەو مانایەی توێژینەوەکە پابەندە بە ڕێبازی مێژوویی-شیکاری بۆ گەڕان

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

بەدوای وەڵامی پرسی سەرەکی توێژینەوەکە، ئایا جیۆپۆلۆتیکی دەریای ناوەڕاست چۆن کاریگەریی لەسەر هزر و داڕشتن و پەرەپێدانی ستراتیژی سەربازیی ڕۆمانی هەبووە؟ توێژینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات کە باڵادەستی ڕۆمانی لە دەریای ناوەڕاست پێویستییەکی ستراتیژی بووە کە جیۆپۆلەتیک سەپاندویەتی. بەو واتایەی هەڵومەرجی سەربازیی و سیاسی سەردەم و ناوچەکە وەک وەڵامدانەوەیەک کاریگەریی لەسەر هزری سەربازیی ڕۆمانی هەبووە.

توێژینەوەکە جگە لە پوختە و دەرئەنجام لە دوو باسی سەرەکیی پێکهاتوە، لە باسی یەکەمدا: پێگەی دەریای ناوەڕاست و نەخشەی سیاسی ناوچەکە خراوەتەڕوو، لە باسی دووەمدا، گۆڕانکارییەکان لە جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و زاڵبوونی ڕۆما باس کراوە.

**١. دەریای ناوەڕاست و نەخشەی سیاسیی ناوچەکە**

**١ .١ پێگە و تایبەتمەندییە جوگرافی و ستراتیژییەکان:**

بە لەبەر چاوگرتنی گرنگی و بایەخی ژینگەیی دەریای ناوەڕاست لە ژیانی دانیشتوانی کەوتونەتە سەری، بە پێویستمان زانی تیشک بخەینەسەر پێگە جوگرافی و گرنگترین پاوەجێکەرەکانی (مقومات) دەریای ناوبراو، کە کاریگەری گەورەیان بەسەر دیرۆک و شارستانی گەلانی سەر حەوزەکە هەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سنورەکان کراوە بوون لەلایەک، لەلایەکی تر، تێکەڵاوییەک لە نێوان مێژووی ئەو وڵاتانە هەبووە.

دەریای ناوەڕاست بە یەکێک لە گرنگترین دەریا نیمچە داخراوەکان دادەنرێت، کە لە هەموو لایەکەوە بە وشکانی دەورەدراوە، تەنها لەڕێگەی ڕێڕەوێک بە دەریا کراوەکان دەبەسترێتەوە ئەویش تەنگەبەری جەبەل تاریقە، دابەش دەبێت بۆ حەوزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە لە ڕووی ڕووبەر و پێکهاتەوە جیاوازن (الجوهری، ١٩٨٤: ٩)، واتە دەریای ناوەڕاست لە باکور بە ئەوروپا، لە باشور ئەفریقا و لە ڕۆژهەڵات بە ئاسیا دەورە دراوە و کەندرێکی قوڵی نێوان ئەم کیشوەرانە پێکدەهێنێت، کە دابەشی حەوزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە (ابو صوة، ٢٠٠٠: ١٧)، تەنها لە ڕێگەی پیاڕەو و ڕێڕەوی تەنگ بە دەریا و زەریاکان دەگات، لە ڕێگەی نۆکەندی سوێس بە دەریا سور، لە ڕێی بسفۆر و دەردەنیل لە ڕۆژهەڵات بە دەریای ڕەش دەگات، هەروەها چەند دەریایەکی بچووکی تری تێکەڵ دەبن، کە بریتین لە دەریای ئیجە، ئەدریاتیک، تیرانی، ئەیۆنی (البرکی، ٢٠٠٨: ٢٥).

بە وردبوونەوە لە شارستانییەتەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، بە شێوەیەکی دیار تێبینی پەیوەندی و تێکچرژانی ئەو شارستانیانە دەکرێت، کە ئەمەش بەرئەنجامی دۆخی سروشتی بوو کە بوونەتە هۆی ئاسانی پەیوەندیکردن یان بەیەکگەیشتنی دانیشتوانی نێوان کەناراوە جیاجیاکانی دەریای ناوەڕاست. کەواتە ئەم دەریاییە ئەو لایەنە سروشتییە بوو کە بازنەی پەیوەندیکردنی نێوان هەرسێ کیشوەرەکەی تەواو دەکرد، دەریاکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی گرنگی هەبوون، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو، لەوانە دەرکەوتنی وەک دەریاییەکی داخراو و هێمن کە هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، کە هەر لە سەردەمی زووەوە کەشتی بەکاربهێنن، تایبەتمەندییەکی تر نزیکی کەنارەکانییەتی زیاد لە شوێنێک

وەک دەبینین لە ڕۆژئاوا کەناراوی ئیبریا و لەباشور ئیتالیا لە ڕێگەی دوورگەی سەقلیە لە کەنارەکانی باشوری ئەوروپا لە ئەفریقا نزیک دەبنەوە، ئاسیا لە ڕێگەی دەروازەی دەریای ڕەش، زۆری ئەو دوورگانەی کە تێیدا بڵاوبوونەتەوە بە تایبەتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی، جگە لەوانەی باس کران دەریای ناوبراو بە پێچ و پەناکانی بەناوبانگە، کە بۆ پاراستنی کەشتییەکان و بوونی بەندەری سروشتی یارمەتیدەر بووە (یحیی، ١٩٩١: ٢٥-٢٩).

ئەم خەسڵەتانەی باس کران وایکرد گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لە نیوەی دووەمی هەزارەی (٢پ.ز) ڕوو لەم حەوزە بکەن، ئەوان زیاتر ئاراستەیان بەرەو حەوزی ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست بوو، کە بە چەند کۆچی جیاوازبوون، گرنگترینیان کۆچی ئەترۆسکیەکان[1] بوو، کە لە ئیتالیا نیشتەجێبوون، پاشان فراوانخوازی گریکەکان لە نیمچە دوورگەی بەلقان بە ئاراستەی ڕۆژئاوا تا گەیشتنە باشوری ئیسپانیا، لە هەمووان گرنگتر بڵاوبونەوەی فینیقییەکان٢ بوو، کە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای حەوزی دەریای ناوەڕاستی گرتەوە (البرکی، ٢٠٠٨: ٣٥-٣٦). هەرچی گریکەکان بوون دەستیان بە نیشتەجێ بوون کرد، سەرەتا وەکو بازرگان و کۆچەری دەچوونە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، جا چ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو دەریایە بێت یان بەشی ڕۆژئاوای، سەرئەنجام ژمارەیەکی زۆر نشینگە و شاریان دامەزراند، کە لە ڕووی پێشکەوتن لە سەر شێوازی ئەو شارانە دروست کرابوون وەک لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیان هەبوون، لەو ماوەیە بەریەککەوتن لە نێوان ئەم هێزانە ڕوویدا، لەسەر بواری گرنتە دەستی بازاڕە دەرەکییەکان یان باڵکێشان بەسەر هێڵە بازرگانییەکان کە دەگەیشتنە ئەو بازاڕانە (یحیی، ١٩٩١: ١٤٩-١٥٠).

هاوجۆری و لەیەکچوونی ئەو ناوچانەی دەوروانە سەر ئەم حەوزە و ئاوێتەبونیان لەگەڵ ئابووریی دەریای ناوەڕاست هەر لە هەزارەی (١پ.ز)ەوە پاڵی بە هێزەکانی هەردوو کەناراوەکانی ناوە، کە هەوڵی پەرینەوە بۆ کەناری بەرامبەر بدەن، بە مەبەستی چونە ناوەوەی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە سەری و دەستگرتن بەسەر خێروبێرەکەی (ابو صوة، ٢٠٠٠: ١٩-٢٠)، بڵاوبوونەوە و دامەزراندنی نشینگە و ئاوەدانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، وەک چۆن ئەفلاتونی (٤٢٧-٣٤٧پ.ز) فەیلەسوفی گریکی- گریکەکان بە بۆق دەشوبهێنێت، کە لەسەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و دەریایی ڕەش بڵاوبوونەتەوە (نقلا عن، لیتمان، ٢٠٠٠: ٤٠)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی هەمیشە جوگرافیا و کەشوهەوا کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەکانەوە هەبووە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە و ژیان، هەروەها کۆچکردن و نیشتەجێ بوون لە دەرەوەی نیشتمان کۆمەڵێک پاڵنەر و هۆکاری جوگرافی، سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە پشت بووە.

کەواتە ئەگەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو وەک هۆکار و فاکت وەرگرین، ئەوا دەبینین ڕۆڵی بەرچاویان لە سەر هەڵدان و گەشەسەندنی شارستانییەت لە ناوچەکە هەبووە، بواری ڕەخساندووە چەندین شارستانی گەورەی وەک شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانی، فینیقی، میسری لە کەنارەکانی ئەم دەریایە سەرهەڵبدەن، بەهۆی سروشتی ئاوە هێمنەکەی و لەباری دۆخە جوگرافیەکەی

(الجوهری، ١٩٨٤: ٥)، کە جگە لەوەی کارئاسانی زۆری کردووە دوورگەکانی بوون، یەکێک لەوانە دوورگەی سقلیە بووە، کە تەنها گۆڕەپانی ململانێ فینیقی و ڕۆمانی نەبووە، بەڵکو پاشماوە دۆزراوەکانی ئاماژە بەوە دەکەن کە لەسەردەمی برۆنزییەوە سقلیە پەیوەندی بە گەلانی دەریای ئیجە، لە لایەک، لەلایەکی تر بازرگانانی ئیجە لەگەڵ بەندەرەکانی میسر هەبووە، جگە لە سقلیە دوورگەی قبرص ڕۆڵی دیاری هەبووە لە گواستنەوە و تێپەڕینی کەشتی لە حەوزی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ حەوزی ڕۆژئاوا، بەتایبەت کەشتی ئەو هێزە گەورانەی لە میسر و سوریا بوون، هەروەها گرنگی و بایەخی ئەم دوورگانە لە قۆناغەکانی دواتریش هۆکاری یەکترڕاکێشان و بەردەوامی بووە لە سیاسەتی ئەو وڵاتانەی دەیانڕوانییە سەر حەوزی دەریای ناوەڕاست (ابو صوة، ٢٠٠٠: ٢٠-٢٢).

### ١ .٢. جوگرافیای سیاسی:

لە ڕووی سیاسییەوە، حەوزی دەریای ناوەڕاست یان بەشێکی بواری دروستبوونی یەکەمین ئیمپراتۆرییەکانی لەسەر کەناراوەکانی ڕەخساند، میسرییە کۆنەکان لەسەردەمی دەوڵەتی نوێیدا بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکەیان ڕووەو هەرێمی سوریا و کەناراوەکانی باشوری ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا) کشان، فیرعەونی میسری تحۆتمسی سێیەم (١٤٩٠-١٤٢٥پ.ز) هەژموونی خۆی گەیاندە ناوچەی دەریاچەی ئیجە و لە یەکێک لە دوورگەکانی ئەو دەریایە کەسێکی نزیکی خۆی کردە بەرپرس، هەروەها دوای مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٣٦-٣٢٣پ.ز) ئیمپراتۆرییەکەی دابەش بوو، لە ئاسیای بچووک و سوریا و میسر کە دەکەوتنە سەر دەریای ناوەڕاست، بەهەمان شێوە بۆ ئەو ئیمپراتۆرییە دروستە کە ڕۆما دایمەزراند کە حەوزی دەریای ناوەڕاست چوارچێوە سەرەکییەکەی بوو (یحیی، ١٩٩١: ٣٠). لە ڕووی ئاینی و بڵاوبوونەوەی پەرستشە ئایینییەکان لە سەدەی (٤پ.ز) پەرستگای تایبەت بۆ خواوەند ئیزیس لە دورگەکانی دیلۆس و رۆدس و کوس و ساموس و لیسبوس قوبرس، هەروەها لە سەرخاکی ئاسیای بچوک لە ئەفسوس دامەزراند، لەسەدەکانی دواتریش بەدرێژایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بیرۆزگاکانی ئەو خواوەندە بنیاتنران (Teeter, 2013: 14).

ئەگەر چی شەڕ هێزی گەشەکردن و گۆڕانکاری سەرەکی بووە لە جیهانی هەزارەی (١پ.ز)، هێزی سەربازی یەکلاکەرەوە بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمپراتوری و لە هەژموندا، شەڕ شێوازی بەدەستهێنان و دەستکەوت و داگیرکارییە، لە هەزارەی (١پ.ز) شەڕ هێز و پاڵنەر بووە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگای گەورەی ئیمپراتۆری (ماتینغ، ٢٠١٩: ٥٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی نێودەوڵەتی لە جیهانی دەریای ناوەڕاستی کۆندا، بۆ ماوەیەکی درێژ پاشاگەردانی و فرە جەمسەری بوو، جیهانێک کە چەند هێزێکی کاریگەری لە خۆدەگرت، لە پێناو سەپاندنی هەژمونیاندا لە ناکۆکی دابوون، لە دۆخێکی نێودەوڵەتی کە یاسا کەمترین یان توانای جێبەجێکردن نەبوو، هەروەها هیچ کام لەم دەوڵەتە بەهێزانە هەرگیز هەژموونی هەمیشەیی لە دەوروبەری کەنارەکانی دەریای گەورە بەدەست نەهێنا، نە ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینی نە هێزەکانی تری وەک ئەسینا، ئەسپارتە، تارینتۆم، سیراکۆزە و قرتاجە (Eckstein, 2006: 1).

لە پێش دەرکەوتنی ڕۆما، ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی (٥٥٠-٣٣١پ.ز) و فراوانبوونی قەڵەمڕەوییەکەی لە سەدەی (٦پ.ز) لە ڕێگەی هێرش و پەلاماری سەربازی، کە بە یەکێک لە ئیمپراتۆریەتە جیهانییەکان دادەنرێت، تاڕاددەیەک لەبەشی رۆژهەڵاتەوە دەستی بەسەر لێوارەکانی دەریاکەدا گرتبو (ماتینغ، ٢٠١٩: ٦٠). دواتر لە کاتی ئەو ئاژاوەیەی کە بەدوای مردنی ئەسکەندەری گەورەدا هات و ئەو ئیمپراتوریەتەی پێک هێنابوو یەکسەر لەبەریەک هەڵوەشا، ژمارەیەک لە جەنەراڵەکانی لەسەر لاشەی ئیمپراتۆریاکەی ئەسکەندەردا شانشینی گەورەیان دامەزراند، کە لە ململانێی توند دا بوون، بەتلیمی (٣٠٥-٣٠پ.ز) لە میسر، سلوکی (٣١٢-٦٤پ.ز) لە سوریا و وڵاتی دوو ڕووبار و ئێران، ئەنتیگۆن لە مەکدۆنیا، کەچی سەرەڕای زیرەکی و بەهێزی و بێ بەزەیی و دڵڕەقی دامەزرێنەران، بەڵام هیچ کام لەم پاشایەتیانە نەیانتوانی زاڵبوونی جیهانی بسەپێنن، ئیتر جیهانی فرە جەمسەریی و هاوسەنگییە ناجێگیرەکانی جەنگ و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەم شێوە باڵی بەسەر دەریای ناوەڕاست کێشا (Eckstein, 2006: 2).

دیارترین دەرئەنجامی یەکخستنی نیمچە دوورگەی ئیتاڵیا بۆ ڕۆما تەنها زاڵبوون نەبوو بەسەر تەواوی خاکەکەیی، بەڵکو سەرەتای ڕۆیشتنی ڕۆما بوو بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئیتاڵیا، وا ڕوویدا ڕۆما ڕێککەوتنێکی لەگەڵ پاشای میسر، بەتلیمۆسی دووەم فیلادلفۆس لە ساڵی ٢٧٣پ.ز بەست، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕۆما وەک هێزێکی تازە سەنگ و قورسایی و کاریگەری لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیتالیا هەیە (القاضي، ١٩٦٥: ١٢٨-١٢٩). بە بڕوای توێژەرێک لەو ماوەیەدا لە دەریای ناوەڕاست ڕکابەری توند لە نێوان هێزەکان هەبوو، کە بەردەوام دەوڵەتەکانی بە هەموو قەبارە و هەموو جۆرە سیاسییەکەوە بە ئاراستەی سەربازی و فراوانخوازی پاڵ دەنا، ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی بەشداریکردنی هەمیشەیی ڕۆما لە جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی یۆناندا، پەیوەندییان بەو دۆخەوە هەبوو کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٧-٢٠٠پ.ز) هاتبووە ئاراوە، ئیمپراتۆریەتی بەتلیمۆس کە یەکێک بوو لە سێ پایەی گەورەی سیستەمی فرە جەمسەری لە ڕۆژهەڵاتدا، بەرەو لێواری لە ناوچوون ڕۆیشت، لە هەمان کاتدا دوو زلهێزە گەورەکەی تر، مەکدۆنیا و ئیمپراتۆریەتی سلوکی، بە سەرۆکایەتی پاشا بەهێزەکان فیلیپی پێنجەم (٢٢١-١٧٩پ.ز) و ئەنتیۆکۆسی سێیەم (٢٢٢-١٨٧پ.ز)، دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی شەڕانگێزانەتر فراوانتر کرد، ئەگەر بە تەواویش نەبێ، ئەوا بەشێکی لەسەر حیسابی بەتلیمییەکان بوو (Eckstein, 2007: 74-75). دواجار ڕۆما بە هۆی ئەزموونی سەربازی و سیاسییەوە توانی کاریگەری خۆی بەسەر شانشینە یینییەکاندا بسەپێنێت، کە دەیزانی چۆن لەگەڵ گەورەترین زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە پێی ستراتیژێک، کە پشت بە شوێنپێهەڵگرتنی ڕووداوەکان دەبەستێت بۆ قۆستنەوەی هەڵوەشانەوە و لاوازی شانشینە هێلینیستیەکان[٣] (بومدين، ٢٠١٨: ٤٠)، هەروەها توێژەر الساعدي زیاتر سیاسەتی ڕۆمانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێزانە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕۆما لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو زلهێزانە دا سیاسەتی جیاوازی گرتۆتەبەر، ئەویش سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بوو، چ لە نێوان فەرمانڕەواکانی وڵاتێک یان لە نێوان وڵاتانی جیاوازدا، ئەمەلەلایەک، لە لایەکی ترەوە ڕۆما بە توندی و توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیە دەکات گەر پێویست بێت، یان ڕۆما پابەندە بە ئاشتی لەگەڵ ئەم وڵاتە و پەیماننامە

و ڕێککەوتنی لەگەڵ دەکات، بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی تر، ڕۆما پشتی بە وروژاندنی ململانێ بەستووە لە نێوان فەرمانڕەواکان و وڵاتاندا، بۆ ئەوەی ئەوان لەجیاتی ڕۆما شەڕی یەکتر بکەن و یەکتر ماندوو بکەن (٢٠١٦: ٣٤٣). واتە قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو شانشینانە.

ئەو ناجێگیریە سیاسی و پاشاگەردانییەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بارودۆخی ئەوکات وەک ئێستامان نەبووە، چونکە هیچ کۆمەڵە یاسایەکی نێودەوڵەتی نەبوو کە لەلایەن دامەزراوە نەتەوەییەکان پاڵپشتی بکرێت، کە هەڕەشەی سەپاندنی دیبلۆماسی و ئابووری و تەنانەت سەربازیش بکات، بۆ دامرکاندنەوەی دژایەتی و شەڕ لە نێوان دەوڵەتان و کپکردن و نەهێشتنی توند و تیژی، لەماوەی دیاری کراوی ئەم تویژینەوەیە لە هیچ زلهێزێک لە گۆڕەپانەکە نەبووە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، لە جیاتی ئەوە دەوڵەتی بەهێز لە ئیتالیا و سەرانسەری دەریای ناوەڕاست هەبوون کە لە کێبڕکێی توند دابوون (Rosenstein, 2012: 3). هەرچی دەسەڵاتدار و هێزە بچووکەکانی دیکە بوون لە پێناو مانەوەی خۆیان دەچوونە پاڵ هێزە گەورەکانی دراوسێیان و ملکەچیان دەبوون، چونکە دەیانزانی تووشی شکست دەبن و چارەنوسیان دوورخستنەوە سەرکردە و لکاندنی خاکەکانیان و تالان کردن و دەربەدەربوونیان بوو (Rosenstein, 2012: 3).

**١ .٣. هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕۆما:**

لە کۆتاییدا هەر چۆنێک بێت، یەک دەوڵەت لە سەرتاسەری جیهانی دەریای ناوەڕاست باڵادەستی دروست کرد، ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠پ.ز. هەرچەندە هێشتا جگە لە ڕۆما چەند دەوڵەتێکی گرنگ لە دەریای ناوەڕاست مابونەوە، بەڵام دواجار دەریای ناوبراو لە ڕووی سیاسی و سەربازی لە دەستی یەک کارەکتەر و هێز مایەوە، کە لە زاراوەی سیاسیدا، سیستەمێکی یەک جەمسەری جێنشینی ئەو ئاژاوە فرە جەمسەرییە درێژانەی گرتەوە، پێناسەکردنی یەک جەمسەری وەک سیستەمێک کە یەک زلهێزی تێدابێت و هیچ زلهێزی بەرچاو و زۆر دەسەڵاتی لاوەکی تێدا نەبێت، کە دەسەڵاتی زاڵ بە تەنیا توانای چارەسەرکردنی کێشە گرنگە نێودەوڵەتییەکانی هەبێت، بەبێ ئەوەی هێزی تر هەبن ڕێگری لە ئەنجامدانی بکەن، هەر چەندە ڕۆما لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠پ.ز لەو تاک جەمسەرییە[٤] نزیک ببووە، بەتایبەتی کە لەو ماوەیە لە ڕووی کارگێرییەوە ڕاستەوخۆ هەندێ ناوچەی خۆرئاوای بەڕێوەدەبرد، وەک سقلیە و کورسکیا و سەردینا و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی ئیسپانیا، تا ساڵی ١٦٠پ.ز، هیچ شتێکی فەرمی و ڕاستەوخۆی لە بەڕیوەبردنی ڕۆژهەڵاتی یۆنانی نەبووە، بەڵام بەپێی زاراوەی سیاسی لە دەریای ناوەڕاست بووە تاک جەمسەر، کە تا شەش سەدەی دواتر بەو شێوە مایەوە و درێژەی کێشا (Eckstein, 2006: 2).

جەنگ و داگیرکاری دوو تایبەتمەندی سەرەکی سەردەمی کۆماری ڕۆمانی بوون بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ، کە سوپای ڕۆمانی ساڵانە پێی هەڵساوە، جەنگ باشترین کاری بازرگانی بوو بۆ دەوڵەت، باشترین دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی شکۆ و ناوبانگ و بوێری و ئازایەتی (Simón, 2016: 221). پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە بۆچی ڕۆما لەناو دونیای خۆیدا بەو شێوە نایابە سەرکەوتوو بوو؟ هۆکارەکانی هەژمونگەرایی ڕۆمانی لە سەردەمی کۆماری چین؟ بۆچی ڕۆمانەکان ڕوویان لە جەنگ کرد؟ ئەم پرسانە لەنێو توێژەرانی نوێ و لەم دواییانەدا مشتومڕێکی بەرچاوی لەسەر ئەم بابەتە بەدوای خۆیدا هێناوە، هەندێکیان دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵگا و کولتووری ڕۆمانی، کە هەڵوێستی ڕۆما بەرانبەر بە دەوڵەتەکانی تر شەڕانی بووە، شەڕانگێزانەی نائاسایی، دوژمنکارانە بە شێوەیەکی توندوتیژ، هەرچەندە خواست و ئارەزووی سەربازیی ڕۆمانی شەڕانگێزی ڕۆمانی لە ڕوانگەی ئێستاوە بە نەخۆشی دەرکەون، بەڵام ئەوانە فاکتەری گرنگی سەرکەوتنی ڕۆمانی بوون کە هیچ کەس نکۆڵیان لێ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ لەم تایبەتمەندیانە تایبەت بێت بە ڕۆما و کولتوورەکەی، شەڕانگێزی و سەربازیخوازی، شەڕانگێزیی دیپلۆماسی، لەلای هەموو رژێمەکانی حوکمڕانی دەریای ناوەڕاست بڵاوبووە بە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە، هەروەها هەموو ڕکابەرەکانی ڕۆما، لەهەمان کاتدا ئەمانە نایشارنەوە، کە جەخت کردنەوە و و ردبوونەوەی دیدگای نوێ لەسەر تایبەتمەندییەکانی نەرێنی کۆمەڵگا و کولتووری ڕۆمانی, و جەختکرنەوە لەسەر هەڵوێستی شەڕانگێزانەی ڕۆما بەتەنیا بەرانبەر جیهان، لەوانەیە لە کۆتایی دا ببێتە لاساییکردنەوەی نەریتی دوژمنکارانەی داگیرکارانەی سەرکەوتوو لە سەردەمی نوێدا (Eckstein, 2006: 3-4). لە بەرانبەردا، دەستەیەکی تر پشت بە تیۆرییەی ئیمپریالیزمی بەرگریکاری دەبەستن، کە پشتگیرییەکی زۆری مێژوونووسانی وەرگرتووە، لەوانە هاریس (Harris) کە وای بۆ دەچێت ئەو ئیمپریالیزمە ڕۆمانییە لەگەڵ ئیمپریالیزمی سەدەی نۆزدەیەم یان بیستەمدا جیاواز بووە (1979: 4)، توێژەری ناوبراو لە بەشەکانی یەکەم و دووەمی کتێبەکەیدا، بە وردی گەنگەشەی ئەم بابەتەی کردووە، هەوڵی داوە ئیمپریالیزمی داگیرکاری بخاتە چوارچێوەی خۆی بۆ دروستکردن و ڕەخساندنی بوار بۆ فاکتەرەکانی تر.

کاردانەوە لە دژی ئەو تێزەی کە ئەو شەڕانەی ڕۆمانەکان کردوویانە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرگریکاربوون نەک هەڵبژاردنیان، هەم توێژەر هاریس و توێژەری تریش مشتومڕیان لەسەر ئەوە کردووە، کە ڕۆما کۆمەڵگایەکە لەسەر جەنگ بنیاتنراوە یان بە واتایەکی تر کۆمەڵگایەکە بۆ جەنگ بنیاتنراوە، حوکمی ئەرستۆکراسی وای لە ئەستۆکراسی کۆماری کرد، کە لە ڕێگەی شەڕ و سەرکردایەتیکردنی و لە سەرکەوتن و لە داگیرکارید بە دوای گەورەیی و شکۆدا بگەڕێت، سەروەت و سامانی کەسی بەدەست بهێنن، تەنانەت هاووڵاتی ئاساییش لە ڕووی ماددی لە سەرکەوتنەکانی کۆماردا، لە شێوەی دەسکەوتی شەڕ و زەوییان سوودمەند دەبوون، ئەم تێکەڵییە وای لە ڕۆمانەکان کرد، کە نزیکەی هەموو دەرفەتێک لە ئامێز بگرن، بۆ ئەوەی بچنە شەڕ تەنانەت و بەدوای دروستکردنی دەرفەتیش بگەڕێن. لەم دواییانە لە بەرانبەر ئەم بۆچونە، توێژەرێک هەوڵی داوە سەرنجی شیکرەوەکان لەسەر ڕۆماوە بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە تییدا کۆماری ڕۆماش بوونی هەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە شەڕانگێزی بێوێنە بوو، پێی وایە هەموو دەوڵەتە کۆنەکان لە ڕووی سەربازییەوە شەڕانگێزبوون، چونکە ئەوان لە ڕەوشێکی ئاڵۆزی توندی ئاژاوەیی دا بوون (Rosenstein, 2012: 2).

ئەگەر جەنگ و داگیرکاری دوو تایبەتمەندی سەردەمی کۆماری بن، لێرەدا گرنگیی سیاسەتی ڕۆمانی لەسەر بنەمای ترس و تیرۆر و تۆقاندن دەردەکەوێت، جیاوازییەکی ئاسایی هەیە لە نێوان تیرۆریزم لە سەرەوە کە بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، لەگەڵ تیرۆر لە خوارەوە کە بۆ تاک یان گروپەکانی دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە، ئەوەی یەکەمیان گرنگترە لەسەر ئاراستەی مێژوویی و گەورەترین قوربانی بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا، کە ئەوەی دووەمیان بە ستراتیژی یاخیبوون دادەنرێت، کە هەندێ توێژەر بەرگریان لێ کردووە و پێیانوایە ئەوەی ڕۆما ئەنجامیداوە ناچێتە ئەو چوارچێوەیەی، کە دەستەی سیاسی و حکومەت داڕێژەری بووبن، دەشێت دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی هەستیان بەوە کردبێت، کە ستراتیژیی سەربازیی سەرکەوتوو نابێ (Simón, 2016: 221-223). بۆچونی ئێمە لە نێوان ئەم دوو دەستەیە ئەوەیە لە ئێستادا، نەمانتوانیوە بڕیاربدەین ئایا ئیمپریالیزمی بەرگریکاری بووە یان ئەمە سروشتی کۆمەڵگا و کولتووری ڕۆمانی بووە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونی دووەم زیاتر ڕێی تێدەچێت، بەڵام ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەم پرسە بە بۆچوونی یەکلاکەرەوەی بدەین، چونکە ڕەنگە ئەمە کار و مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە نەبێت، بەڵام تیشک خستنەسەری لێرەدا لەبەر ئەوە بووە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان داگیرکاری و هزری سەربازی هەیە و بەشداری کارای لە پێشخستن و گەشەکردنیدا هەبووە.

ئەگەر لە هەزارەی (١پ.ز)، بازرگانی هێزی پاڵنەری سەرەکی گۆڕانی ئابووری و ڕۆشنبیری و هەروەها ناکۆکی سیاسیشی بەدوای خۆیدا هێنابێت (ماتینغ، ٢٠١٩: ٣٤٣)، ئەوا لە کۆتاییدا، داگیرکاری گۆڕانکاری قووڵی هێنایە سەر ئیتالیا و خودی ڕۆما، توێژەرێک قسەکانی مێژوونووسێکی هێناوەتەوە کە پۆلیبیوس (Polybius) ٢٠٠-١٢٠پ.ز لە نوسینەوەی مێژووەکەی هەوڵیداوە بە خوێنەرانی بڵێت کە بەچی هۆکار و بە چی جۆرە سیستەمی فەرمانڕەواییەک نزیکەی هەموو دونیای ئاوەدانی داگیرکرا و هێنرایە ژێر دەسەڵاتی تاکە شاری ڕۆما، وەسفەکەی پۆلیبیوس بۆ سوپای ڕۆمانی خاڵی سەرەتای سەرەکییە بۆ هەموو گێڕانەوە نوێیانەی ئەو دامەزراوەیە (Rosenstein, 2012: 1-2).

ئەوەی ماوەتەوە بگوترێ ئەوەیە، گرنگی ستراتیژی دەریای ناوەڕاست هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافییەکەیدایە، چونکە وەک دەریاییەکی ناوخۆیی هەڵکەوتوە تەنها لە ڕێگەی گەرووی جەبەل تاریق بە زەریای ئەتلەسییەوە دەگات، هەروەها هەر لە کۆنەوە بەهۆی گرنگییە سیاسی و ئابوورییەکەی بووەتە هۆی کێبڕکێ و ململانێی سیاسی نێوان هێزەکانی ناوچەکە، ڕۆماش بەهۆی درێژبوونەوەی جوگرافیای بەسەر ئەم دەریایەدا، گرنگی پێ داوە، بە تایبەت دوای یەکخستنی تەواوی نیمچەدوورگەی ئیتالیا، بەریەککەوتنی لەگەڵ هێزێکی باڵادەستی دەریایی کە قرتاجییەکان[٥] بوون، ئیتر هەوڵی زاڵ بوونی ڕۆما بەسەر دەریای ناوەڕاست بۆ ڕۆمانەکان دەبێتە کاری لە پێشینە و حەتمی، چونکە کەتواری سەردەم و ناوچەکە وا دەخوازێت.

## ٢. گۆڕانکارییەکان لە جیۆپۆلەتیکی دەریای ناوەڕاست و زاڵبوونی ڕۆما

### ٢ .١. ڕۆما لە شەڕی ناوچەییەوە بۆ باڵادەستی دەریایی:

کاتێک قسە لەسەر مێژوو دەکەین، پێویستە قسە لەسەر شوێن و کات بکەین، کە هەردووکیان ڕووی یەک دراون، ڕابردوو، یەکێکە لە ڕەهەندەکانی کات، کە ئەویش بابەتی مێژووە، هەروەها شوێنیش یەکێکە لە ڕەهەندەکانی مێژوو، ناتوانین قسە لەسەر مێژوو بکەین وەک ڕووداو بەبێ باسکردنی شوێن، بۆیە کات و شوێن کرۆکی مێژوو دەنوێنن (علیش، ٢٠١٣: ٢٢٤)، سەبارەت بە ڕۆما ئەو کات و شوێنەی لێرەدا مەبەستمانە، لە ڕووی کاتەوە دەرکەوتنی ڕۆمایە وەک زلهێزێکی گەورە، لە ڕووی شوێنەوە، لە حەوزی دەریای ناوەڕاست، کە نەخشە سیاسیەکەی خۆی لە چەند هێزێکی گەورە و بچووک دەبینییەوە، ئەم دۆخە لەسەر ڕۆمای پێویست دەکرد، کە لە ڕووی تیۆری و کردارییەوە گۆڕانکاریی لە سیاسەتی بکات و بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بکات، ئەمەش لە هزری سەربازی تێبینی کراوەو ڕەنگی داوەتەوە.

دیدگا و پاشخانی هزری ڕۆمانی بۆ بەکارهێنانی دەریا بە پێچەوانەی یۆنانیەکان کە ئاسۆی سەرەکیان دەریا بوو، زۆرجار بە ڕیگەی ئاوی گەشتیان دەکرد، بەڵام ڕۆمانەکان پێیان باشتر بوو لە ڕێگەی وشکانییەوە گەشت بکەن (Cremades, 2018: 22)، بەڵام لە هەموو کولتوورە جیاوازەکان دا، ئاو هەم پەیوەستکەر (بەیەکگەیەنەرە) و هەم جیاکەرەوەیە؛ سەرچاوەی ژیان و مەترسی قووڵایی نادیار هەروەها مایەی سەرسوڕمان و ئاسوودەیی و ترسە (Lundock, 2022: 2)، بەدڵنیایی ئەمە بۆ کولتووری ڕۆمانیش دروستە، ڕاستە ڕۆمانەکان زیاتر بە خاک پەیوەست بوون، بەڵام ئەوانەی کە بەرپرسی چارەنووسی ڕۆما بوون، هەر لە سەردەمی شاهانە و سەردەمی کۆماریش (٥٠٩-٣٠پ.ز)، توانیبوویان لە گرنگی هێزی دەریایی لەنێو ئەو گەلانەدا تێبگەن، کە لە ڕووی جوگرافییەوە لە خۆیانەوە نزیک بوون، وەک ئیترۆسکەکان و یۆنانییەکان، گرنگی دەریایی ئیترۆسکەکان دەتوانرێت سەرەتا بەو ڕاستییە زەق بکرێتەوە، کە ناوی ئەوان لە سەرچاوەی ناویی ئەو دوو دەریایەدان، کە هاوسنوورن لەگەڵ نیمچە دوورگەی ئیتاڵیا، ئەترۆسکەکان لە سەدەی (٦پ.ز)دا لە کاتی فراوانبوونی بەرەو باکوور بەندەریان دامەزراوە، سەبارەت بە یۆنانییەکان لە سەدەی (٨پ.ز)ەوە لە سیسیلیا (Sicilia) و باشووری ئیتاڵیادا بوونیان هەبوو، هەروەها ڕۆمان بێئاگا نەبوون لە چالاکییەکانی دەریاوانی بازرگانی شارەکانی یۆنان لە ناوچەکە (Cremades, 2018: 53).

لە کاتی ململانێی قرتاجی و یۆنانیدا، ڕۆما سەرقاڵ و ماندوبوو بە یەکخستن و یەکگرتنی نیمچە دوورگەی ئیتالیا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا، بۆیە زۆر گرنگی بەوە نەدەدا کە لە جیهانی دەرەوە دەگوزەرا، تەنانەت بە بازرگانی دەرەکیش، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵات و زاڵییەتی خۆی بەسەر ئیتالیادا سەپاند، درکیان بەوەکرد کە بۆتە یەکێک لە هێزە گەورەکانی دەریای ناوەڕاست، ئەمەش بە پاڵنەری ئەو سەرکەوتنە گەورانەی بەسەر گەلانی ئیتالیای بەدەست هێنا و زیاد بوونی توانا سەربازییەکانی هەروەها چاوتێبڕینەکانی، بۆیە سروشتی و ئاسایی بوو کە بخزێتە نێو سیاسەتی دەریای ناوەڕاست و ململانێی دەرەکی، بەم شێوەیە ڕۆما ڕووبەڕووی قرتاجە بووەوە، وەک دوو گەورەترین هێزی بەشی ڕۆژئاوای حەوزی دەریای ناوەڕاست، کە وێرای پەیوەندی دۆستانە و بوونی چەند

ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانی و سەربازی لە نێوانیاندا، بەڵام بەریەککەوتنی هەردوولا چاوەڕوانکراو بوو (بوصبیع، ٢٠٢٠-٢٠٢١: ٤٥٠-٤٥١)، بە تایبەت ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێنا، ئەو پێگە گەورەیەی کە داگیری کرد، ئەو لێهاتووییە سەربازییەی کە نیشانی دا، هەروەها ئەو چاوتێبرینە نوێیانەی کە بەدوایەوە بوو، بەرئەنجامدانی هەموو ئەو شتانە سەروشتی بوو بۆ ڕۆما کە دابەزێتە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی (نصحی، ٢٠٠٤، ١٩٥).

تا ساڵی ٢٦٤ پ.ز، لەشکرەکانی ڕۆمانی پێویست نەبوو وشکانی جێ بهێڵن, هەموو ئەو شەڕانەی کە بەشدارییان تێدا کردبوو لە نیمچە دوورگەی ئیتالیا ڕوویدا بوو، ئەوە جەنگەکانی پونی و مەکدۆنی بوو کە لەشکرەکانی ناچار کرد بچنە دەریا و هەوڵی کۆنترۆڵی حەوزی دەریای ناوەڕاست بدەن (Cremades, 2018: 20). پێکدادانە سەرەتاییەکانی نێوان ڕۆما و قرتاجە دەریانخست، کە ڕۆمانەکان لە شەڕی وشکانی بەهێزترن، لە بەرانبەردا قرتاجیەکان گەورە و باڵادەستن لە دەریادا، بۆیە ڕۆمانەکان بۆیان دەرکەوت بۆ تێکشکاندنی زاڵیەتی دەریایی قرتاجی، پێویستیان بە بنیاتنانی کەشتیگەلی دەریای هەیە (بوصبیع، ٢٠٢٠-٢٠٢١: ٤٦١-٤٦٢)، بەتایبەت کە لە چوار ساڵی سەرەتای جەنگی یەکەمی پوونی (٢٦٤-٢٤١پ.ز) شتێکی وای نەبوو کە لە بواری دەریایی پشتی پێ ببەستێت، جگە لە یەکە هاوکارییەکانی شارە ئیتاڵییەکان نەبێت، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو، نەک تەنها لە ڕووی ژمارەوە، بەڵکو لە جۆری کەشتییەکانیش، هەرگیز هاوتای هێزی دەریایی قرتاجی نەبوون، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆمانەکان چۆن شەڕیکی وا دەستپێدەکەن لە کاتێکدا خاوەنی هێزی دەریایی بەهێز نەبوون؟ کە وەڵامەکەی ڕەنگە ئەوەبێت لە سەرەتای شەڕدا ئامانجی ڕۆمانەکان سنووردار بووبێت (Thiel, 1954: 63-64).

لەلایەکی تر، لۆژیکییە کە ڕۆمانەکان کاتێک دۆسییەی ئامانجەکانیان فراوانتر کردبێ بۆ داگیرکردنی هەموو سیسیلیا، لە هەمان کاتدا لە توانایاندا نەبوو تەنیا پشت بە یەکە هاوکارییەکان ببەستن، پێویست بە دامەزراندنی کەشتیگەلی ڕۆمانی بەهێز دەبێ بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی قرتاجە و شەڕی دوژمنانیان، بۆیە یەکەمجار لە ساڵی ٢٦٠پ.ز کەشتیگەلی گەورەی ڕۆمانی دامەزرا، کە لە ماوەی جەنگی یەکەم و دووەمی پوونیدا پشتی پێ دەبەست، کە وێرای چەندین حاڵەتی بەرزبوونەوە و کەوتن و پچڕان، هۆکارێکی بنەڕەتی بوو کە شەڕەکانی لە بەرژەوەندی ڕۆما یەکلابینەوە. دروستکردنی بەشێکی ئەم کەشتیانە بە هاوکاری ئەندازیارە یۆنانییەکان لە جبەخانەکانی دروستکردنی کەشتییەکان لە شارەکانی یۆنانی لە ئیتالیا ئەنجام دەدران، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر شارە دەریاییەکانی هاوپەیمانی ڕۆما نەبوایە، ڕۆما توانای بنیاتنانی کەشتیگەلی ساڵی ٢٦٠پ.ز و ساڵانی دواتری نەدەبوو، پێدەچێت ڕێکخستنی هێزی دەریایی ڕۆمانی لە ساڵی ئاماژەپێکراو وەک سیستمێک هاتبێتە نێو بەڕێوەبردنی وڵات، کە لە میانەی چەند جەنگێکی مەزن پارێزرا و بەردەوامی پێدرا، لە هەمان کات تا چەند ساڵێکی دواتریش وەک هاریکاری ڕانەگیرا و شان بەشانی سیستمەکەی ڕۆمانی بەردەوامی هەبووە (Thiel, 1954: 66-68).

مێژوونووس پۆلیبیوس، جەخت دەکاتەوە کە ڕۆمانەکان هونەری دروست کردنی کەشتییان نەدەزانی، بەڵام دوای ئەوەی دەستیان بەسەر کەشتییەکی قرتاجیدا گرتووە، ئیتر لەسەر شێوازی ئەوان کەشتیگەلیان بنیاتناوە و لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی زۆری کەشتیان دروست کردووە (Polybius, 1975: I.20)، بەڵام بە پێی سەرچاوەی تر ڕەنگە ئەم بۆچونە زۆر ورد نەبێ، چونکە بە گێرانەوەی مێژوونووس لیڤی (Livy)، پێش حوکمڕانی ڕۆمانی، هێزو دەسەڵات و زاڵبوونی ئەترۆسکی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕێگەی وشکانی و دەریایی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ڕووباری پۆ درێژببوەوە و ناوی دەریاکانی سەروو و خوارووی دەوری ئیتالیایان داوە لێیانەوە نزیکە، ئەمەش بەڵگەی گەورەی هێزەکەیان دەگەیەنێت، ناوبراو پێیوایە گەلانی ئیتالیا ناوی یەکێکیان ناوە دەریای توسکان کە بەکارهێنانی ناوێکی ڕەگەزییە، ئەوەی تریان ناو ناوە ئەتریاتیک کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەتریا کە نشینگەیەکی توسکان بووە، بەڵام گریکەکان ناوی دەریای تیران و ئەدریاتیکان بۆ بەکارهێناون (Livy, 2006: V.28).

سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بۆ مێژووی دوور تر بگەڕێینەوە، دیارە کە لەسەردەمی پاشایەتیدا (٧٥٣-٥٠٩پ.ز) ڕۆمانەکان و ئەتروسکییەکان بەیەکەوە یان بۆ ماوەیەک ئەترۆسکییەکان فەرمانڕەوایی ڕۆمایان کردووە، هەروەها ئەوەش سەلمێنراوە کە ئەترۆسکییەکان خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتووبوون و کاریگەری زۆریان لەسەر ڕۆمانەکان هەبووە، بە تێرامان لە گێرانەوەکان ئەترۆسکییەکان ماوەیەکی درێژ خەڵکێکی دەریایی بوون و شارەزایی باشیان لە دەریاوانی هەبووە و خاوەن کەشتی بوون، ئەگەر وا دابنێین کە هەندێک لە ڕۆمانەکانیش خاوەنیان بوون و بەکاریان هێناون، یان لەسەر کەشتییەکانی ئەوان کار و خزمەتیان کردووە، کەواتە ڕۆمانەکانیش شتێک لەمانەوە هەر فێربوون، دوای پێکهێنانی کۆماریش، یەکێک لە یەکەم کرداری دەوڵەتە تازەکەی ڕۆمانی واژووکردنی یەکەم لە سێ پەیماننامەی هاوڕێیەتی بوو لەگەڵ قرتاجە، کە هێزێکی دیار و گەورەی ناوەڕاست و خۆرئاوای دەریای ناوەڕاست بوو (Polybius, 1975: III.22)، جیا لەوەی باس کرا، پێدەچێت کۆنترین تۆماری هەبوونی کەشتیی جەنگیی ڕۆمانی بۆ ساڵی (٣٩٤پ.ز) بگەڕێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کاتێک ڕۆمانەکان بە کەشتییەکی جەنگی لەگەڵ سێ سیناتۆر، کاسەیەکی زێڕین وەک دیاری بۆ پەرستگای ئەپۆڵۆ لە شاری دێلفی ڕەوانەی یۆنان دەکەن بە هەڵە دەستی بەسەرگیراوە و دواتر ئازادکراوە (Livy, 2006 V.33). هەروەها لە ماوەی شەڕەکانی لاتینیدا ڕۆمانەکان کەشتییان بەکار هێناوە، تەنانەتە دەستیان بەسەر کەشتییەکانی بەرامبەرەکانیان دا گرتووە و گواستوویانەتەوە (Livy, 2006 VIII.14). ئەمە مانای ئەوەیە ڕۆمانەکان کەشتیی جەنگیان هەبووە، بەڵام ڕەنگە لە ڕووی جۆر و ژمارەوە کەم و وەک پێویست نەبووبێت.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی بەکارهاتووی پیشەسازی کەشتی هەیە، ئەوا کەشتی جەنگی زیاتر لە داربەڕوو دروست دەکرا، لەبەر ئەوەی پتەوتر بوو بەرگەی ئاو دەگرێت، دوای بڕینی دار تەختەکانی بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئاودا دادەنران، بۆ ئەوەی دواتر لە دروستکردنی کەشتی دا بەکاردەهێندران، هەرچی کەشتیی بازرگانی بوو لە هەموو جۆرە دارێک دروست دەکرا بە تایبەتی دار سنۆبەر (مختار، ٢٠١٧-٢٠١٨: ١٤٣)، شایانی باسە بەکارهێنانی کەشتی بە مەبەستی بازرگانی و جەنگی لە حەوزی دەریای ناوەڕاست دا

مێژوویەکی دێرینی هەیە و مایەی گرنگی پێدانی هێزەکانی ناوچەکە بووە، توێژەرێک، بە درێژی باسی جۆر و قەبارەی کەشتییە بازرگانی و جەنگییەکانی کە لە حەوزی دەریای ناوەڕاست لە چاخی کلاسیکییەوە تا سەردەمی ڕۆمانی بڵاوببونەوە کردووە (خلیل، ٢٠١٢: ٢٨٢-٧١١).

پێدەچێت تا درەنگانێکی سەدەی (٤پ.ز)، چالاکی دەریای ڕۆمانی زۆر قەرزارباری کارامەیی دەریاوانی یۆنانی و ئەتروسکیەکان بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە بە درێژایی تێکۆشانیان دژی قرتاج، دەوڵەتی ڕۆمانی کەشتیگەلی خۆی بەلایەنی کەمەوە بەشێکیان بە هاووڵاتیانی خۆی کار پێ دەکرد و کەشتیەکانی بە خەرجی خۆی دروست دەکرد (Chester & Starr, 1941: 1)، دیارترین نموونە، لە دەستپێکی شەڕەکانی پوونیدا، کاتێک بینیان کە شەڕ درێژە دەکێشێت، دەستیان بە دروستکردنی کەشتی کرد و لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەک کەشتیان پێک هێنا، ئەم ڕاستیەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕۆمانەکان سوورن لەسەر ئەنجامدانی شتێک چەندە بە بوێرییەوە کاریان کردووە (Polybius, 1975: 1.20). لێرە دەردەکەوێت ڕۆمانەکان هۆشیاری دروستکردنی کەشتیان نەبووە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە درکیان بەوە کردووە کە قەڵەمڕەوی و فراوانخوازییان بەبێ پەڕینەوە و بڕینی دەریاکان ڕوونادات یان ئەستەمە، تەنانەت سروشتی کەناراوی نەبۆتە پاڵنەری ڕۆمانەکان بۆ خۆشەویستی کاری بازرگانی و بنیاتنانی کەشتی، بەڵکو تەنها ئەوە شەڕ بووە بۆتە هۆی لە دایکبوونی هزری دەریاوانی (الغزيری، ٢٠٠٠: ٩-١٠). جگە لەوەش ئەو هێزە نوێیەی کە وەک لەمپەر لەبەرانبەر رۆمادا وەستابوو، کە قرتاج بوو، بەشێکی زۆری هێزەکانی و تواناو بونیادی ئابوورییەکەی لە دەریادابوو، دەبووایە هێزێکی هاوشێوەی ئەوان بەکار بێنن تا بتوانن باڵادەستی خۆیان لەدەریاکەدا بسەپێنن.

کەواتە ڕۆمانەکان دەیانزانی چۆن خۆیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا بگونجێنن و زیرەکییان هەبوو کە بەدوای ئەو زانیارییەدا بگەڕێن کە کەسانی دیکە لێی شارەزا بوون، مانای وایە هەر پاڵنەرێک هەیانبووە چ فراوانخوازی و داگیرکاری یان پاراستنی خۆیان، دەیانزانی چۆن ئەو ئامرازانە دروست بکەن کە ڕێگەیان پێدەدا لەسەر وشکانی و هەروەها لە دەریادا زاڵ بن، ئەوان نەک لەبەر خۆشەویستی دەریا بەڵکو لەبەر پێویستی بووە، بۆ نموونە پێویستی خۆراک و دابینکردنی گەنم دەبوو لە دەرەوەی وڵات بگەڕێین بۆ خۆراکدانی دانیشتووانێکی کە هەمیشە لە زیادبووندایە؛ هەروەها بۆ پاراستنی خاکیان لە مەترسی دەرەکی (Cremades, 2018: 206). جگە لە بوێری و کۆڵنەدان و توانای خۆگونجانی ڕۆمانەکان، ناکرێت هەڵومەرجی سیاسی و نێودەوڵەتی حەوزی دەریای ناوەڕاستیش نادیدە بگرین، کە ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی ڕۆما وەک هێزێکی کاریگەر، قەیرانی سەختی کۆتایی سەدەی (٣پ.ز) قەیرانێک بوو کە هێزەکانی ناوچەکە نەیانتوانی بە تەنیا بەسەریدا زاڵ بن، بۆیە ئەوان دەستپێشخەرییان کرد لە ڕاکێشانی دەسەڵاتێکی دەرەکی بۆ گەڕاندنەوەی دۆخی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، بە تایبەتی بەتلیمییەکان لە میسر، ئەوەی ڕوویدا دەستتێوەردان بوو لە لایەن ڕۆما، دەستتێوەردانێک کە سیستەمی فرە جەمسەری گەڕاندەوە، بەڵام ڕۆما وەک پارێزەر و جێبەجێکاری (Eckstein, 2007: 72-75). لەوەی باس کرا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆمانەکان دوای قایمکردنی پێگەیان، بەدیاریکراوی دوای پەلهاویشتنی سەربازیانەیان بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر جێگەی تازەدا، ئەوا بەپێی جیۆپۆلەتیکی نوێیان، پەرەیان بە لایەنە جیاجیاکانی سەربازی داوە، لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سنوری ڕامیاریان، ئەمەش لە ڕێگەی تێڕامانی هزرییەوە، کە چۆن ڕێوشوێنی پێویست بدۆزنەوە بۆ بەرگرتن بە مەترسییە چاوەڕوانکراوە دەرەکییەکان.

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی ڕۆما بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر حەوزی دەریای ناوەڕاست، جگە لە هۆکاری سیاسی، بە دڵنیایی ئابووریش یەکێک بووە لە هۆکارە هەرە بەهێزەکان بووە بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێگە بازرگانییەکان، کە بەستەری پەیوەندی نێوان گەلانی کیشوەرەکانی جیهانی کۆن بووە (الشريف، ٢٠٢٠: ٣٤). جگە لەوە ڕۆما زۆربەی پێداویستییەکانی لە دەرەوە بۆ دابین دەکرا، بە تایبەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا، بەجۆرێک گەنم لە میسر و باکووری ئەفریقاوە دەهات، شەرابیان دەخواردەوە کە لە فەرەنسا دروستکرابوو، زەیتی زەیتون بەکارهاتووە کە لە قرتاجەوە دەهات، هەروەها جل و بەرگی پشم و کەتانی میسری و ئاوریشمی چینی و لەگەڵ بەردی بەنرخ و مرواری کە لە هیندستان و لە پەرستگاکانیان بخور دەسوتێنرا کە لە نیمچە دورگەی عەرەبی هاوردە دەکرا (خلیل، ٢٠١٢: ٢٦٥).

### ٢ .٢. ستراتیژی دەریایی ڕۆمانی لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرە نوێیەکان:

هەرچەندە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ستراتیژیی سەربازیی ڕۆمانی لە وشکانی و دەریایی لە ڕوانگەی تیۆرە نوێیەکان ڕەنگە هەندێک ئاسان نەبێت، بەڵام هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی وا بیر بکەینەوە کە لە سەردەمی کۆندا گرنگییەکەیان نەزانیبێت و کاریان بۆ نەکردبێت، بەتایبەت بۆ شوێنێکی وەک ئیتاڵیا، بۆچوونێک هەیە کە سەرکەوتنی ڕۆما لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیتالیا لە ناوخۆدا نیشانەیەک بوو لەگەڵ دەستپێکردنی تیۆر و چەمکێکی نوێ بۆ سەربازی ڕۆمانی، کە مەبەستمان تیۆرییەی بواری زیندەگی دەریایی بوو (عمران، ٢٠١٠: ٨٦). لە کۆتایی جەنگی یەکەمی پونی دا ٢٤١پ.ز، ڕۆما بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی نیمچە دوورگەی ئیتالیا پێگەیەکی بەدەستهێنا و سیسیلیای کۆنترۆڵکرد، دوای سێ ساڵ، قەڵەمڕەوی خۆی لە دەرەوەی وڵات فراوانتر کرد بە وەرگرتنی هەردوو دوورگەی کۆرسیکا و سەردینیا و دوورگەکانی نێوان سیسیلیا و ئیتاڵیا لە قرتاجییەکان (Cremades, 2018: 102-103). بۆیە جەنگی پونی تیشکی خستە سەر دوو مۆدێلی بیری سەربازی کە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە ڕۆما نوێنەرایەتی تیۆری مەیدانی زیندووی دەکرد، بە پێچەوانەی تیۆری دەریای داخراو کە قرتاجییەکان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو (عمران، ٢٠١٠: ٨٦). سەبارەت بەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە لە ئەنجامی کۆتایی جەنگی یەکەمی پونییەوە هاتنە ئاراوە، ئەوەیە کە هاوسەنگی هێزی دەریایی لە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاستدا گۆڕاوە، هێزێکی نوێ لە دەریای ناوەڕاست لە ساڵی (٢٤١پ.ز)ەوە دەرکەوتووە، ئەو هێزە دەرییاییەش، کە ڕۆما بوو، لەو کاتەوە قرتاجە نەگەڕاوەتەوە ئەو مێژووە کە گەورەی دەریای ناوەڕاستە (بوصبيع، ٢٠٢١: ٤٨١). بە هەر هۆکارێک، ئەم دەوڵەتە لە بنەڕەتدا نادەریایە لە یەکەم جەنگی پونیدا باڵادەستی دەریایی بەسەر ڕکابەرە دەریاییەکانی خۆی سەپاند (Mahan, 2011: 9).

سەرەتا ڕۆمانەکان زۆر گرنگییان بە بەکارهێنانی دەریا نەدەدا. بە پێچەوانەی یۆنانیەکانەوە، هێزێکی نادەریایی بوون، بە بەڵگەی ئەوە ئێمە ناوی کەشـــتیوان و دەریاوانەکان، یان گەڕانکارە ئازاکانیانمان لەبەردەســـتدا نییە، لە هەمان کاتدا بە دروستکردنی ڕێگاوبان و قەڵا و شار جیا دەکرێنەوە و وێنەی ســـەربازە ڕۆمانییەکە وەک هێما یان نیشـــانەی دەســـەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بەرچاو دەکەون (أرشـــیبالد، د.س: ٢٧-٢٨). کەواتە ئەگەرچی لە ڕووی هەڵومەرج و کاتەوە لەیەکتر دوورن، بەڵام دەشـــێت بگوترێ لەو کاتەدا باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە لە پێناو بەدەســـتهێنانی هێزی جیهانی ئەو کات پێویســـتە بەســـەر وشـــکانییەکـان زاڵبن. دەتوانرێـت لەو لێکچوواندنە تێبگەین، کە ئەم دیدگایە لەســـەردەمی نوێدا لە جوگرافیای فراوانتری وشکانی پەرەی پێدراو تیۆرێکی لەسەر هەڵێنجرا کە تیۆری دڵی زەوی (Heart Land) لە لایەن هارفۆرد مەکێندەر[٦] داهێنراوە، جیاوازییە هەر ســـەرەکییەکە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی مەکێنـدەرییەوە، گرنگی ئەو نـاوچە وشـــکانییەی دیاری کردبوو لەوەدایە، کە هێزی دەریایی هیچ وڵاتێـک نـاتوانێ بیخـاتە مەترســـییەوە، ئەگەرچی بۆ نیمچە دوورگەی ئیتالیا جیاواز بوو، بەڵام لە خاڵێکی تر هاوبەشـــن. کە پێیوایە ئەو ناوچەیەی کە ناوبراو بە ناوچەی تەوەر ناوی بردووە، بەردەوام لە ڕەوتی مێژوودا ڕەوشـــێکی جیـاوازی هەبووە و ئەو خەڵکەی لەم ناوچەدا ژیاون هێز و دەســـەڵاتی خۆیان بەســـەر خەڵکی دیکەدا ســـەپاندووە (محەمەدی و زادە، ٢٠٠٦: ٧٤٣-٧٤٥). دەکرێ ئەمەش بۆ ڕۆمانەکان ڕاســـت بووبێت کە دواتر بەسەر زۆربەی گەلانی ئەو کاتدا زاڵبوون.

ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرێکی تر خوێندنەوە بۆ دۆخی ڕۆمـا بکەین، ڕەنگە ئەگەر ڕێژەییش بێـت، بەڵام دەکرێـت جەخت لەســـەر تیۆری ئالفرێد ماهان[٧] و ڕۆڵی هێزی دەریایی لە سەردەمی کلاسیکدا بکەینەوە، بە تایبەت لە جیهانی دەریای ناوەڕاســـتدا کاریگەری هێزی دەریایی بە دەگمەن خامۆش و هەنـدێکجـاریش یەکلاکەرەوە بووە (Chester, 1989: 10-11). بەپێی تیۆری ئەلفرێد ماهان هێزی دەریایی بنەمای هێزی دەوڵەتە، هەر وڵاتێک بەدوای بەدەســـتهێنانی دەســـەڵاتدا بێت، دەبێت کۆنترۆڵی دەریاکان بکات، پاشـــان فاکتەری ڕوانین و کەوتنە ســـەر دەریـا، دەبێتە فـاکتەرێکی بنەڕەتی دەوڵەت لە هەوڵەکانی بۆ زاڵبوون و دەرکەوتنی، بە بەکارهێنـانی تیۆری نـاوبـراو، بـۆمـان دەردەکەوێـت کە هەمـوو زلـهـێـزە تازەپێگەیشـتوەکان کەنارێکی دەریایی و شـوێنێکی دەریاییان هەیە کە چەندین سـوودیان بۆ دابین دەکات، لەسـەردەمی نوێ وەک چین، ڕووسیا، هیندستان، بەرازیل و باشووری ئەفریقا (ودیع، ٢٠٢٢: ٥٢). کەواتە بە پێی تیۆری مـاهـان بۆ ئەوەی هێزێک بە زلهێزە تازەپێگەیشـتوەکان ئەژمار بکرێت پێویسـتە چەند ڕەهەندێکی هەبێت، کە یەکێکیان کەوتنە ســـەر دەریایە، ئەمەش بۆ ڕۆما بە تەواوی دروستە.

ڕۆمـانەکـان لە گرنگی هێزی دەریـایی تێگەیشـــتن، بە تایبەت لە دوای شـەڕەکانی پونییەوە، جگە لە ڕووی سیاسـی، درکیـان بە گرنگییە ئـابوورییەکەش کردووە، ئەمەش تەنیـا بە بەدەستهێنانی باڵادەستی دەریا و وەرگرتنەوەی لە قرتاجییەکان دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواو بەدەسـتبهێنێت؛ ئەنجومەنی پیرانیش ئەم بـابەتە ســـتراتیژییەی لا ڕوون بوو، بۆیە بەبێ دوودڵی لەسـاڵی (٢٦١پ.ز)ەوە فەرمانی دروسـتکردنی کەشـتی هەمە جۆری دا (Chester, 1989: 58-59). هەرچەندە حەزیان لە دەریا نەبوو، بەڵام کاتێک ڕۆمانە بڕیار دا دەســـتوەردان لە سـیسـیلیا بکات، ئەوان بەڵەم و کەشـتیگەلی تایبەت بە خۆیان نەبوون، بەڵکو پشتیان بە شـارە یۆنانیەکان لە باشووری ئیتاڵیا بەسـت، بۆیە بۆ ئەوەی لەم شـەڕەدا سـەرکەوتوو بن کە خۆیان دەستیان پێکردبوو، دەبوو کەشتیگەلی بەهێز دروست بکەن تا بتوانێ کۆنترۆڵی قرتاجییەکان بکات (Meijer, 2014: 235-237).

بەهێزبوونی هێزی دەریـایی ڕۆمـانی دوای قۆنـاغی یەکەمی جەنگەکانی پوونی بە ڕوونی تێبینی کراوە، بەو پێیەی هانیبـاڵ هیچ بیرەوەرییەکی بەجێ نەهێشـــتووە، نـازانرێت چ پاڵنەرێک بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕێگا مەترسیدار و وێرانکەرە بەناو گاڵ و بەســـەر بەرزاییەکانی چیای ئەلبدا ئەنجام بدات، بەڵام دڵنیایە کە بەلەمەکانی لە کەناراوەکانی ئیســـپانیا ئەوەندە بەهێز نەبوون کە بتوانن لەگەڵ بەلەمەکانی ڕۆمادا ڕووبەڕوو ببنەوە (Mahan, 2011: 9) ئەمە لە لایەک. لە لایەکی تر، ســـەرکەوتنی ڕۆما لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیتالیا لە ناوخۆدا نیشـانەیەک بوو لەگەڵ دەستپێکردنی تیۆرێکی نوێ و چەمکێکی نوێی ســـەربازیی ڕۆمانی کە چیتر تەنها دەریا داخراوی قرتـاجی نییە (عمران، ٨٦)، ئەم توانـا دەریـاییەی ڕۆمانی گەیشـتە ئاسـتێک هزری سـەربازی ڕۆمانی لە ڕووی ستراتیژییەوە بازدانێکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، کە لە کاتێک دا ســـەرکردەی قرتاجی هانیبال (٢٤٩-١٨٢پ.ز) لە باکوری ئیتـاڵیـایە، فەرمـانـدەی ڕۆمـانی ســـکیپۆ مەیـدانی جەنـگ بگوازێتەوە بۆ بـاکوری ئەفریقـا (عمران، ٩٧). دواتریش پەرەی زیـاتریـان بە هێزی دەریـایی دا، کە یارمەتیدەر بوو لە ململانێ و شـــەڕەکانی دواتریان بەســـەر پاشـــای مەکدۆنیا و ســـلوکی ســـەرکەوتن بەدەســـتبهێنن، بە دڵنیـایی بۆ بەرپەرچـدانەوەی هێزی دەریـایی گەورەی ســـێلۆکیەکـان، ڕۆمانەکان یارمەتیی دەوڵەتی ڕۆدسییان وەرگرت، پاشـان بە ڕژدی سوپا و هێزی دەریایی خۆیان بۆ ڕۆژهەڵات ئامادە کرد (Chester, 1989: 60-62). لێرەدا گۆڕانکاری لە ستراتیژی ســـەربازی ڕۆمانی دەردەکەوێت، کە تەنها زاڵبوون بەســـەر وشـــکـانی بەس نییە و بەبێ کۆنترۆڵی دەریـا ئـارامی و خۆشگوزەرانی ئابووری بەدی نایەت.

ئەگەر چی لەســـەرتای جەنگی پونییەوە ڕۆما زۆر بە پەرۆشـــەوە گرنگی بە هێزی دەریـایی دا، دوای بوونیـان بە هێزی دەریایی، جۆرێک لە پاشـەکشـە بەدی دەکرێت، بەڵام لە لە کۆتایی سـەدەی دووەم و سـەرەتای سـەدەی یەکەمدا بە هۆی هەرەشـــەی چەتەی دەریایی ناســـەقامگیری لە دەریا دروسـت بوو، بۆیە هێزی ڕۆمـا بە ســـەرکردایەتی فەرمـانـدە پۆمپێی ١٠٦-٤٨پ.ز(Pompey) لە ســـاڵی (٦٧پ.ز) گەورەترین پرۆســـەی چەکداماڵینی دەریایی ئەنجامدابوو، کە جیهانی ئەو کات بەخۆیەوە بینی، نەک تەنها دوورخســـتنەوەی مەترســـی لەســـەر کەناراوەکانی ئیتاڵیا، بەڵکو لە شـــوێنەکانی دیکەش هەبوون، بەشێکیان لە دوورگەی کریت، بەڵام زیاتر لە بەندەرە بەردینەکانی کیلیکیا (Chester, 1989: 64-65). کاتێکیش شـــەڕی ناوخۆ لە نێوان ســـەرکردەکانی ڕۆمدا ســـەریهەڵدا، پۆمپێی کۆنترۆڵی سـیسـیلیای کرد، و شـوێنە سـتراتیژییەکەی وەک ئامرازێک بۆ فشـاری سیاسـی بۆ سـەر ڕۆما بەکارهێنا، ئەوەش بە وەستاندنی ئەو کەشتیيانەی گەنمیان کە لە باکووری ئەفریقاوە دەهێنا، کە ســـەپاندنی گەمارۆی دەریایی بوو، بۆ ئەوەی برسێتی لە ڕۆما دروست بکات (صقر، ٢٠٢١: ٣٠).

بە گشتی دواتر ڕۆمانەکان لە گرنگی هێزی دەریایی و کۆنترۆڵی ئاوی تێگەیشـتن زانییان کە پێویسـتیان بە هێزێکی دەریایی هەمیشـەییە، بۆیە لە سـاڵی (٦٢پ.ز) لەلایەن پۆمپێی پلانی بۆ دانرابوو، بەڵام بە هۆی ململانێکان ڕاستەوخۆ دوای شـەڕی ئەکتیۆم (٣١پ.ز) دەسـتی پێکرد، لەو کـاتەدا ئیمپراتۆرئاوگسـتوس (Augustus) ٢٧پ.ز-١٤ز، بناغەی دانـا (Meijer, 2014: 331). ئەم گـۆڕانە سـتراتیـژی سـەربازییەی ڕۆمانی پشتڕاسکراوەتەوە، وەک سیسێرۆ بۆ هاوڕێیەکی نووسیویەتی: پۆمپێی پێیوابوو ئەوانەی کە خاوەنی دەریـان لە کۆتـاییدا سـەرکەوتوو دەبن، هەروەهـا لەسـەر پەیکەرێکی ئیمپراتۆر ئاوگستوس نووسرابوو "ئاشتی، لەمێژە تێکچووە، لەسەر وشکانی و دەریا دامەزراوەتەوە ( Chester, 1989: 67). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەگەر سـەردەمـی کۆماری، بە تایبەت دوای جەنگەکانی پونی هێزی دەریاییان بۆ کاتی پێویستی کۆکردبێتەوە، ئەوا کە ئیمپراتۆر ئاوگستوس هێزی هەمیشـەیی دەریـایی دامەزرانـدۆتەوە، کە دەچێتە چوارچێوەی گۆڕانکاری لە هزر و سـیاسـەتی سـتراتیژیی سەربازیی ڕۆمانی.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بگوترێ، بایەخ پێدانی ڕۆمانی بە هێزی دەریـایی بەو مـانـایە نییە ئیتر کۆنترۆڵی وشـکـانی لە سیاسـەتی ستراتیژی سەربازی ڕۆمانی گرنگیەکەی لەدەست دابێت، هەروەهـا ئەمە ئەوە نـاگەیەنێت کە ئەوەی کۆنترۆڵی دەریا بکات، دەتوانێت باڵادەستی بەسەر وشکانی بسەپێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە مێژووی کۆنـدا دوو دەوڵەت پێگەی خۆیـان بە پلەی یەکەم لەسـەر دەریا وەسـتاند، کە قرتاجە و ئەسـینا بوون، بەڵام هەردووکیان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بە پلەی یەکەم لەسـەر وشـکانی دەسـەڵاتیان هەبوو، ڕووخان، ڕاسـتە ڕۆما و سپارتا دەبوو بچنە دەریا و شـارەزایی دەریایی بەسـەر نەیارەکانیاندا بەدەسـتبهێنن، بەڵام لە ژێر ڕووکەشـدا خاڵە بەهێزەکانی ڕێکخسـتن و ئیرادە وەک ئەوەی لەسـەر وشـکانی کـامـڵ بوون، یەکلاکەرەوە بوون لە سـەرکەوتنەکـانیـانـدا (Chester, 1989: 83).

## ئەنجام

- سروشتی جوگرافی و گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕە دەریاییەکان، پێویستی بە گونجاندنی ئامێرەکان، تاکتیکی نوێ، داهێنانی ئامێر و دروسـتکردنی کەشـتی و بەلەمی جەنگی لە کـاتی جەنگەکـانی پونی هەبوو کە ڕۆمـا وەک پێداویسـتی قۆناغەکە ئەنجامی دا. جگە لەمەش ستراتیژی ڕۆمانی سەرەتا تەنهـا بە ئـاراسـتەی قرتـاجە بوو، بەڵام دواتر ئـامـانجی لاوازکردنی سیستەماتیکی گشت هێزە ڕکابەرەکانی تر بوو، وەک مەکدۆنیا و ئیمپراتۆریەتی سـلوکی و دەوڵەتی بەتلیمی. بەوشـێوەیە وای لە ڕۆما کرد درک بە گرنگی کۆنترۆڵکردنی ڕێگا بازرگانییە دەریاییەکان و بەندەرە سـتراتیژییەکان بکات. ئەمانەش ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە پەرەسەندنی ستراتیژی سـەربازیی ڕۆمانی لە ڕووی پێکهاتەی سـوپا و سـیاسـەتی دەرەوە، لە ئەنجامـدا ڕۆمـا لە هێزێکی نـاوخۆییەوە گۆڕا بۆ هێزێکی ئیمپراتۆریی کە بۆ چەندین سـەدە کۆنترۆڵی دەریای ناوەراستی لە ڕووی ئابووری و سیاسی پاراست.

- ئەگەر بۆ ڕۆما پێشـتر ململانێیەکە کورتبوبێتەوە لە ململانێی نێوان چەنـد کوتلە و کۆمەڵەیەکی بچووکی نێوخۆیی، ئەوا دوای یەکێتی ئیتاڵیا و بوونی بە هێزی دەریـایی گەورە، دەبێتە ململانێی نێودەوڵەتی لەسـەر ئـاسـتی جیهانی ئەوکـات، کە پێویستی بە دونیابینی و ئاراستەی جیاواز بووە لە ڕێگە یاسا و سـتراتیژیەتی سـیاسـیی و سـەربازی تا یەکانگیربێت لەگەڵ هەلومەرجی نوێـدا، ئەمەش بە دونیـابینی و بیرکردنەوەی سـەربازییانەی تازە کە پەرە بە ڕێکخسـتنی سـەربازی و سەرچاوەکانی بە هێزکردنی لە ئامێر و پێداویستییە جەنگییەکان دا، هەروەها ستراتیژی نوێ کە ڕەنگدانەوەی قۆناغ و کەتوارە (واقیع) نوێیەکەیە.

-باڵادەسـتی ڕۆمانی لە دەریای ناوەڕاسـت و گۆڕانکاری لە سـتراتیژی سـەربازی پێویسـتییەک بووە کە جیۆپۆلەتیک سـەپاندویەتی. ئەم گۆڕانکارییە بە قووڵی لە ژێر کاریگەری جوگرافیای سیاسی ئاڵۆزی ناوچەکەدا بوو لەوانە دابەشبوونی زلهێزە ڕکابەرەکان، سروشتی هاوپەیمانییەکان، خاڵ و ناوچە ستراتیژییە جوگرافییەکانی وەک سیسیلیا، قرتاجە...تاد. لەبەر ئەوەی جگە لە گال، تەنها دەریا بوو کە لە دەوڵەت و هێزەکانی ئەو سـەردەمەی جیاکردبوونەوە، بۆیە بەبێ بوونی هێزێکی دەریایی ئەسـتەم بوو بتوانێت ئیتاڵیا تێپەڕێنێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، بەشێکی جوگرافیای ئیتاڵیا بەدەستی گریک و قرتاجییەکانەوە بوو، دوور نەبوو لە داهاتوودا ببنە مەترسـی ڕاستەوخۆ بۆ ڕۆما.

-لە دوای جەنگەکـانی قرتـاج و ڕۆژهەڵاتیش، لە ململانێ ناوخۆییەکانیشـدا، بۆیان دەرکەوت کە هێزی دەریاییان چەند یەکلاکەرەوەیە لەو ململانێ سـەربازییانەدا، ئەوەبوو پۆمپێیی توانی لەبەرانبەر ڕۆمـاو دواتر ئەنتۆنیۆس لە دژی پۆمپێییدا توانی شـەڕەکە لەبەرژەوەندی یولیوس قەیسـەر یەکلابکاتەوە، تەنانەت ئاوگوستسیش لە ململانێی لەبەرانبەر ئەنتۆنیوس دا، تا هێزی دەریایی تەواوی ئامادە نەکرد ڕووبەڕووی نەبوەوە لە شەڕی ئەکتیومی دەریاییدا جەنگەکەی بردەوە.

### پەراوێزەکان:

١-ئیترۆسـکان (Etruscans) گەلێکی کۆن بوون لە ئیتـالیا، بنەچە و مێژووی نیشـتەجێبوونیان لە ناوچە بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام زۆرێک لە توێژەران لەسـەر ئەوە کۆکن کە ڕەنگە سـەدەی (١٣پ.ز) گەیشـتبن. ئەترۆسـکییەکـان خـاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو بوون. لە سەرەتای سەدەی (٧پ.ز) تا کۆتایی سـەردەمی کۆماری لە ڕۆما ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژووی نیمچە دوورگەی ئیتالیادا هەبووە، کاریگەری زۆری شارستانیان لەسە ڕۆمانەکان هەبووەو زۆرێک لە روخساری شـارسـتـانیەتی ئەم گەلەیان وەرگرتووە، کە دوای ململانێیەکی درێژخـایەن توانیـان ملکەچیـان بکەن، بۆ زانیـاری زیـاتر دەروانرێتە، (نصحی، ٢٠٠٤: ٣٧-٤٠).

٢-فینیقیەکان سـامی نەژاد بوون و بە کەنعانیش ناسـراون و دانیشـتووی نیمچە دوورگەی عەرەبی بوون. بەهۆی سـەختی بارودۆخی ژیان لە نیشـتمانی ڕەسـەنی خۆیان کۆچیان کرد بۆ کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاسـت، بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کە ئێسـتا بە لوبنان و فەلەسـتین و سـوریا ناسـراوە. یۆنـانیەکـان پێیـان دەگوتن فینیقی(فنیکس)، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ دروسـتکردنی جۆرە ڕەنگێکی وەنەوشـەیی (ڕەنگێکی سـووری تۆخ) لە بونەوەرێکی لێوارەکانی دەریا، ئەم بەرهەمە بۆ ڕەنـگ کردنی خوری بەکـار دەهـات، کە بەهۆیەوە بەنـاوبـانـگ بوون، بەم شـێوەیە تـا ئەمڕۆش بە فینیقیەکان ناسراون، دەڕوانرێتە (عصفور، ٢٠١٠: ١٣-١٥).

٣-هێللێنیستی (Hellenistic)، بەو سێ سەدەیە دەگوترێت کە لە هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی ٣٣٤پ.ز دەست پێدەکات تا ڕووخانی دەوڵەتی بەتلیمی لە میسر ٣٠پ.ز لەسەر دەستی ڕۆمانەکان. دیارترین هێزەکانی بریتیبوون لە (دەوڵەتی مەکدۆنی و یۆنان لە وڵاتی یۆنان، بەتلیمی لە میسر، سلوکی لە سوریا). لە ڕووی زاراوەشەوە مەبەست لە چەمکی هێللێنیستی ئەو شارستانیەتەیە کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی شارستانییەتی هێللینی گریکی و شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات دروست بوو، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، (ولبانک، ٢٠٠٩: ٧-١٠).

**٤- تاک جەمسەری و فرە جەمسەری:** تاک جەمسەری سیستەمێکە کە جەمسەرێکە یان بکەرێکە کە بکەری باڵادەست دەناسێندرێ، لەبەرانبەردا هێزی تر هەن کە بە وردە سیستەمەکان پێناسە دەکرێن، بۆ زانیاری زیتر دەرباری ئەم چەمکانە بروانە (محەمەدی و حاجی زادە، ٢٠٠٦: ١٠٧-١٠٨).

**٥- قرتاجی:** قرتاجیەکان یان کارتاژییەکان گەلێک بوون کە لە باکووری ئەفریقا و لە دەوروبەری سەدەی (٩پ.ز) و لە ساڵی ٨١٣پ.ز، شاری کارتاژ (قرتاجە)یان (نزیک تونسی ئێستا) دامەزراندووە. هەرچەندە بە شێوەیەکی باو پێیان وایە کە ئەوان بە تەواوی فینیقی بن، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە کە دانیشتوانی کارتاژ هەمەچەشنتر بوون و بەڵام زۆرینەیان فینیقی نەبوون و دواتر بە کارتاژییەکان (قرتاجییەکان) ناسران، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، (عصفور، ٢٠١٠: ٦٣-٦٦).

٦- هارفۆرد مەکێندەر (١٨٦١-١٩٤٧)زایینی، زانای ئینگلیزی، تیۆری دڵی زەوی داهێنا، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم تیۆرە و بۆچوونەکانی بروانە (محمد، ١٩٩٦-١٩٩٧: ٢٩١-٢٩٥).

٧- ئالفرێد ماهان، مێژوونووس، جیۆپۆلیتیست و ئەفسەری هێزی دەریایی ئەمریکیە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، چەمکێکی نوێی هێزی دەریایی داهێنا، کە بەپێی ئەو چەمکە "ئەو کەسەی کە خاوەنی دەریایە، خاوەنی زەوییە"، بە واتایەکی تر تیۆری ماهان سەبارەت بە هێزی دەریایی ئەوەیە کە کۆنترۆڵکردنی دەریا پێویستییەکی سەرەکییە بۆ سەروەری جیهانی، ماهان جەختی لە گرنگی گەشەسەندنی دەریایی کردەوە لە مێژووی وڵاتاندا. هەروەها دووپاتی کردەوە، گرنگترین فاکتەری جوگرافی کە کاریگەری لەسەر بەهێزی دەوڵەت هەیە، لە ژمارەی ئەو کیلۆمەتر چوارگۆشەی زەوییەدا نییە کە دەوڵەت خاوەنیەتی، بەڵکو درێژیی ئەو کەنار و بەندەرانەیە کە دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات (بوزیدي و فرحاتي، ٢٠١٥: ٢٨). بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کۆی بۆچوونەکانی ماهان، دەڕوانرێتە: (Mahan, 2012).


**١.سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

١.محەمەدی، زاهیر و زادە، یاسین حاجی (٢٠٠٦) فەرهەنگی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢.سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١.ابو صـوة، محمود احمد (٢٠٠٠) دراسات فى التاريخ البحر الابيض المتوسط فى العصر الوسيط. مالطا، منشورات ئيلگا.

٢.أرشيبالد.ر. لويس، القوى البحرية والتجارية في حوض المجر المتوسط (٥٠٠-١١٠٠م)، ترجمة احمد محمد عيسى،مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر القاهرة – نيويورك.

٣.البركى، مفتاح محمد سعد (٢٠٠٨) الصـراع القرطاجي الاغريقى من القرن السادس حت المنتصف القرن الثالث ق.م واثره على الحياة السياسية والاقتصادية والاجتماعية والدينية فى القرطاجة. القاهرة، دار الكتب الوطنية.

٤.بوزيدي، عبدالرزاق و فرحاتي، عمر (٢٠١٥) التنافس الأمريكي الروسي في منطقة الشرق الأوسط دراسة حالة الازمة السورية ٢٠١٠-٢٠١٤، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر الجزائرية -بسكرة-.

٥.بوصبيع، عمر (٢٠٢٠-٢٠٢١) الصـراعات لهيمنة وبسط النفوذ بين الدول العالم القديم فى الحوض البحر المتوسط ٤٨٠-١٤٦ق.م. دكتوراه، جامعة الشهيد حمه لخضر الوادي.

٦.بومدين، موفق (٢٠١٨) إستراتيجية روما للتوسع في شرق البحر المتوسط ٢٠٢-١٨٩ق.م. دراسات في العلوم الإنسانية والاجتماعية، ١٨(عدد الخاص)، ٢٣-٤٤.

٧.الجوهرى، يسرى (١٩٨٤) جغرافية البحر المتوسط. الاسكندرية، منشاة المعارف.

٨.خليل، عماد (٢٠١٢) السفن والموانئ في البحر المتوسط من العصر الكلاسيكي إلي العصر الروماني. حولية الاتحاد العام للآثاريين العرب، ١(١٤)، ٦٨٢-٧١١.

٩. الساعدي، وفاء رزق الله (٢٠١٦) النتائج السياسية للتوسع الروماني في شرق البحر المتوسط ١٤٦-٢٧ق.م. مجلة بحوث الشرق الأوسط, ٤(٣٨)، ٣٢٧-٣٤٨.

١٠.الشريف، عمران احمد حسين (٢٠٢٠) سيطرة الرومان على حوض البحر المتوسط و اثر ذللك على ليبيا القديمة. المجلة الجامعة، ٤(٢٢)، ٧-٤٠.

١١.صقر، محمود محمد محمود (٢٠٢١) تصوير الأسلحة البحرية خلال العصرين اليوناني والروماني، رسالة ماجستير، جامعة كفرالشيخ.

١٢.عصفور، محمد ابو المحاسن. (٢٠١٠)، المدن الفينيقية، دار النهضة العربية، بيروت.

١٣علیش، لعموري (٢٠١١)، التلازم الضروري بين المكان و الزمان او بين التاريخ و الجغرافيا، مجلة الباحث، ١٣(١)٢٢٤-٢٣٩.

١٤.عمران، رجب سلامة (٢٠١٠) الفكر العسكرى الرومانى بين الدفاع و الهجوم و التوسع و الاستعمار حتى نهاية العصر الجمهوري (٥٠٩-٣١ق.م)، مكتبة الثقافة، القاهرة.

١٥.الغزيرى، عباس مبروك (٢٠٠٠)، نشاة و تطور القانون البحرى الرومانى. دار النهضة العربية، القاهرة.

١٦.القاضي، فاروق الحافظ (١٩٦٥) روما و سقوط الممالک الهللينستية في شرق البحر المتوسط، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس.

١٧.ماتينغ، جوزيف غلبرت (٢٠١٩) البحر المفتوح الحياة الاقتصادية فى العالم البحر الابيض المتوسط القديم من العصر الحديدي حتى ظهور روما، تر: مصطفى محمد قاسم، دارجامعة الملک سعود، الرياض.

١٨.محمد، محمد حجازي (١٩٩٦-١٩٩٧) الجغرافية السياسية، القاهرة.

١٩.مختار، ناير (٢٠١٧-٢٠١٨) التجارة البحرية فى الحوض الغربى للبحر الابيض المتوسط من الفنيقيين الى العهد الرومانى. دكتوراه، جامعة وهران.

٢٠.نصحى، ابراهيم (٢٠٠٤) تاريخ الرومان من اقدم العصور حتى عام ١٣٣ ق.م.، لكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٢١.ولبانک، فرانک (٢٠٠٩) العالم الهيللينستى حملة الاسكندر على الشرق و نشاة الممالک الهيللينستية، ترجمة: آمال محمد محمد الروبى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٢٢.يحيى، لوطفى عبدالوهاب (١٩٩١) اليونان مقدمة فى التاريخ الحضارى. الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

**3.سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

**-سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

1.Livy, (2006) The History of Rome. Tr:Valerie M.Warrior, Indianapolis/ Cambridge, Hackett Publishing Company, Inc. Book V.28.

2.Polybius, (1975) The Histories. Tr: W. R. PATON, Cambridge, Massachusetts, Harvard University Press, Book I.20.

-ژێدەرەکان

1.Chester G. Starr (1989) The Influence of Sea Power on Ancient History, Oxford, Oxford University Press.

2.Cremades, J., (2018) Rome et la mer: rôle et importance de la mer Méditerranée dans le développement du monde romain: du milieu du IVè siècle av. JC à la deuxième guerre de Macédoine incluse (Doctoral dissertation, Nantes).

3.Cremades, J., 2018. Rome et la mer: rôle et importance de la mer Méditerranée dans le développement du monde romain: du milieu du IVè siècle av. JC à la deuxième guerre de Macédoine incluse| Theses. fr (Doctoral dissertation, Nantes).

4.Eckstein, A.M., (2007) Intra-Greek Balancing, the Mediterranean Crisis of c. 201-200 BCE, and the Rise of Rome. In The balance of power in world history (pp. 71-98). London: Palgrave Macmillan UK.

Eckstein, A.M., (2007) Mediterranean anarchy, interstate war, and the rise of Rome (Vol. 48). Univ of California Press.

5.Harris, W.V., (1979) War and imperialism in Republican Rome, 327-70 BC. Oxford University Press.

6.Lundock, J., (2022) Water and Why Materiality Matters in Roman Studies. Water in the Roman World: Engineering, Trade, Religion and Daily Life, p.1.

7.Mahan, A.T., 2012. The influence of sea power upon history, 1660-1783. Courier Corporation.

8.Meijer, F., 2014. A history of seafaring in the classical world (Routledge revivals). Routledge

9.Rosenstein, N., (2012) Rome and the Mediterranean 290 to 146 BC: the imperial republic. Edinburgh University Press.

10.Simón, F.M., (2016) 8 Insurgency or State Terrorism? The Hispanic Wars in the Second Century bce. In Brill's Companion to Insurgency and Terrorism in the Ancient Mediterranean (pp. 217-247). Brill.

11.Starr, C.G., (1941) The Roman Imperial Navy: 31 BC–AD 324. In The Roman Imperial Navy. Cornell University Press.

12.Teeter, Emily (2013) Egypt" in, Barbette Stanley Spaeth,The Cambridge companion to ancient Mediterranean religions. United States of America, Cambridge University Press.

13.THIEL, J. H. (1954) A History of Roman Sea-Power before The Second Punic war. Amsterdam, North-Holland Publishing Company.


## جيوسياسة البحر المتوسط وتأثيرها على الاستراتيجية العسكرية الرومانية
## (٢٦٤-٢٧ ق.م)


**ملخص:**

تبحث هذه الدراسة في التجاوب بين الجغرافيا السياسية للبحر الأبيض المتوسط وتطور السياسة الاستراتيجية العسكرية الرومانية خلال الحقبة ٢٦٤-٢٧ قبل الميلاد، وهي مرحلة تاريخية محورية في تحول روما من قوة إقليمية داخل شبه الجزيرة الإيطالية إلى قوة مهيمنة في البحر الأبيض المتوسط. تتناول الدراسة السمات الجغرافية والجيوسياسية للبحر الأبيض المتوسط وتأثيرها على الأفكار العسكرية الرومانية الاستراتيجية والأيديولوجية، مع التركيز بشكل خاص على المواقع الجيوسياسية في المنطقتين الشرقية والغربية من البحر. بالإضافة إلى ذلك، تستكشف هذه الدراسة تأثير الصراعات مع قرطاج ومقدونيا والممالك الهلنستية على صياغة التوجهات الاستراتيجية الرومانية .يهدف البحث إلى تسليط الضوء على البعد الجيوسياسي للبحر الأبيض المتوسط وتأثيره على تطور الفكر البحري الروماني، مستخدمًا منهجًا تاريخيًا تحليليًا قائمًا على الأحداث التاريخية. وتخلص الدراسة إلى أن الهيمنة الرومانية في البحر الأبيض المتوسط وتبنيها للاستراتيجية العسكرية كانا ضروريين بفعل عوامل جيوسياسية، وساهما بشكل كبير في نجاح المشروع الإمبراطوري. ولم تكن السيادة في البحر الأبيض المتوسط ذات أهمية عسكرية فحسب، بل شكلت أيضًا العمود الفقري للاقتصاد الروماني اللاحق.



**الكلمات المفتاحية:** الجغرافية السياسية، البحر المتوسط، الرومانية، الستراتيجية البحرية، الفكر العسكري.


## GEO POLITICAL GEOGRAPHY OF THE MEDITERRANEAN AND ITS IMPACT ON ROMAN MILITARY STRATEGY (264–27 BC)


**ABSTRACT:**

This Study explores the interaction between the geopolitics of the Mediterranean and the trajectory of Roman military strategic policy during the period 264-27 BCE, a pivotal historical period in Rome's transformation from a regional power within the Italian peninsula to a dominant force in the Mediterranean. The study examines the geographical and geopolitical attributes of the Mediterranean and their influence on Roman military conception of strategy and ideology, with a particular emphasis on geopolitical positions in both the eastern and western regions of the sea. Additionally, this study explores the impact of conflicts with Carthage, Macedonia, and the Hellenistic kingdoms, which shaped the trajectory of Roman strategic decisions. The research aims to elucidate the geopolitical dimension of the Mediterranean Sea and its effect on the development of Roman naval strategy, based on a historical-analytical approach to the understanding of historical events. The study concludes that Roman dominance in the Mediterranean and the adaptation of military strategy were necessitated by geopolitical factors and significantly contributed to the success of the imperial project. Supremacy in the Mediterranean was not only of military importance but also crucially formed the backbone of the subsequent Roman economy.



**KEYWORDS:** Geopolitical, Mediterranean, Roman, Naval Strategy, Military Ideology.